# بۆ گەلی کورد و رای گشتی

دوای ئەوەی رژێمی ئێراق بەشەڕ هەڵوەشا، رۆژهەڵاتی ناوین کەوتۆتە نێو قۆناخێکی نوێوە. ئیدی هەر شتێکی هەبوو وەك چوارچێوەی رابردوو نامێنێ، دەربازکردنی هەموو پێکاتە و رژێمەکانی پێشوو مسۆگەر بووە، لەبەرفراوانی ناوچەکەدا هەلومەرجی پێشکەوتنی سەرلەنوێ ئاواکردنەوە، دیموکراسی، ئازادی و مافەکانی مرۆڤ دەرکەوتۆتە روو. جا ئەمە چ دەسەڵاتدار بێ یاخود دژبەر بێ، ئەو هێزانەی کە پۆلۆتیکای خۆیان بەگوێرەی تایبەتمەندی ئەم قۆناخە پێشنەخستووە، پاشکەوتن و دەربازکردنیان دەرکەوتۆتە روو. ئەم رەوشە بۆ بزاڤی ئازادی کوردانیش بەهەمان شێوەیە. چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەسەر بنەمای چەمکی یەکێتی دیموکراتی، بەپۆلۆتیکای ئەو هێزە نەتەوەییانەی کە بزاڤی ئازادی پێکدێنن، بەو پۆلۆتیکایەی کە بەگوێرەی تایبەتمەندی قۆناخ دەیخولقێنن، مەیسەر دەبێ. لەڕەوشی پێچەوانەدا ئەوا لەگەڵ مەترسی هەڵنەسەنگاندنی دەرفەتی چارەسەری رووبەڕوو دەبنەوە.

لەگەڵ دەستێوەردانی سەربازی ئەمریکا، هەڵوەشاندنی رژێمی فاشیست و پاشڤەڕۆی ئێراق، ئەو رەوشە نوێیەی کە لە رۆژهەڵاتی ناویندا دەرکەوتۆتە روو، جێگای ئەو تێکۆشانە ئازادیەی کە گەلی کورد بەڕێوەی بردووە، گرنگیەکی دیار و بەرچاوی دەستنیشان کردووە. لەو ستاتۆیەی دوای شەڕی دابەشکردنی یەکەم کە شێوەی پێدراوە، گەلی کورد جێگەی خۆی تێدا نەگرتووە. ئەو هێزانەی ناوخۆو دەرەوە کە ئەو ستاتۆیەیان پێکهێناوە، لەسەر گەلەکەمان سیاسەتی بنەڕەتی نکۆڵی و قڕکردنیان بەڕێوە بردووە. ئەو هەوڵدانانەی کە بۆ ئازادی نیشاندراون لەگەڵ ئەو فشارانەی کە گەیشتوونەتە ئاستی کۆمەڵکوژی رووبەڕوو بۆتەوە. ئەو سەرهەڵدانانەی کە لەهەموو پارچەکانی کوردستان ئەنجام دران، بەشێوەیەکی خوێناوی سەرکوت کراون. دەتوانین بڵێین کە سەدەی بیست و یەکەم بۆتە سەدەیەك کە ئێمە وەکو گەل لەگەڵ ستەم رووبەڕوو بووینەتەوە.

سیاسەتی نکۆڵی و قڕکردن بەشی راوەستاندنی تێکۆشانی ئازادی گەلی کوردی نەکردووە. وێڕای ئەنجامە قوورسەکانی کۆمەڵایەتی، تێکۆشانی ئازادی و ژیانەوەی نەتەوەیی ئەگەر جار جاریش راوەستێنرابێ، بەردەوامی کردووە. لەماوەی ئەم بیست و پێنج ساڵەی دوایدا تێکۆشانی ئازادی بە بەدەستخستنی تایبەتمەندی نوێ پێشکەوتووە و بەهێز بووە. تێکۆشانی ئازادی جا PKK بێت یاخود KADEK کە بەپێشەنگایەتی سەرۆکایەتی (سەرۆك ئاپۆ) بەڕێوەی بردووە، گەلی خستۆتە وارێك کە ئیدی نابەزێت، بنەمای سیستەمە داگیرکەرەکانیشی لەڕەگ و ریشەوە هەژاندووە. تیکۆشانی سی ساڵەی ئایدیۆلۆژی، تێکۆشانی بیست و پێج ساڵەی سیاسی، شەڕی گەریلای بیست ساڵ و تەڤگەری پانزە ساڵەی ئازادی ژن، ئەو رژێمە سەردەستانەی کە کوردستانیان لەژێر دەستە، هێناوەتە خاڵی دەربازکردن. لەلایەکی دیکەوە ئەو بەرخودانە نەتەوەییەی کە لەگەڵ ئاوابوونی ئێراق هەتاوەکو ئێستا لەباشووری کوردستان ئەنجامدراوە، لەهەڵوەشاندنی رژێمی ئێراقدا رۆڵێکی مەزنی هەبووە. رۆژهەڵاتی ناوین، لەکام رووەوە سەیر دەکرێت با بکرێت، لەکەوتنی ستاتۆ بۆ نێو قۆناخی هەڵوەشانەوەدا، شوێنگەی تێکۆشانی ئازادی کوردستان گرنگییەکی بەرچاوی هەیە. دەستێوەردانی سەربازی ئەمریکاش خاڵی دواهەمینی خستووە.

ئەو دەرفەت و هەلومەرجانەی بۆ ئاواکردنی ستاتۆیەکی نوێ کە دیموکراسی و ئازادی و ماڤی مرۆڤ بە بنەما دەگرێ، دەرکەوتوونەتە روو، وەك سەرکەوتنی گەلی کورد و هێزە دیموکراتەکان دەبینین. گەیشتووینەتە خاڵێك، کە پێویستە دیموکراسی لەهەموو ولاتێك بالادەست بکرێ و گەلی کورد بگەیەنرێتە ئازادی خۆی. پێویستی بە هەوڵدانی هەمەلایەنەی پێشخستنی قۆناخی گۆڕانکاری و وەرچەرخانی دیموکراتیانە هەیە. وەك پێویستییەکی ئەمەش رژێمە

www.kurdistannet.org
18-5-2003 23:55

دەسەڵاتدارەکانی ناوچە پێویستە پێداگری کردن لەخۆدا بەلاوە بنێن و ریفۆرمی دیموکراتی ئەنجام بدەن. پێویستە ئەمریکا بەهاوپەیمانەکانی خۆیەوە بتوانێ هێز ببەخشێتە پێشکەوتنی دیموکراسی. پێویستە هێزە دیموکراتەکان لەهەر وڵاتێکدا هەوڵدانی خۆیان زیاتر بکەن و گاریکەری خۆیان بەهێز بکەن.

ئەو هێزانەی کە لەنێو بزاڤی ئازادی کوردستاندا جێگەی خۆیان دەگرن، پێویستە تێکۆشانەکانی خۆیان لەسەر رێبازێکی دیموکراتی بەڕێوە ببەن. نزیکایەتییە دژە دیموکراتییەکان دەرباز بکەن، هەم لەکوردستاندا و هەم لە وڵاتە دەسەڵاتدارەکاندا بێنە حاڵی بنیادنانی دیموکراسی. لە رۆژهەڵاتی ناویندا باڵادەستبوونی دیموکراسی، ئازادی و مافەکانی مرۆڤ بە نزیکایەتیەکی بەمجۆرە مسۆگەر دەبێ.

بۆ ئەوەی رۆژهەڵاتی ناوین بگاتە ستاتۆیەکی دیموکراتیك، ئاوابوونی دیموکراسی لەئێراقدا و گەشتنی گەلی کورد بەئازادی خۆی، ئەوا رۆڵێکی ناوەندی دەبینێ. ئەو سەرکەوتنەی کە لەئێراق و باشووری کوردستاندا بەدەست بخرێت، ئەوا گاریگەرییەکی قووڵ لە هەموو وڵاتانی ناوچەکە دەکات و هێز دەداتە سەرکەوتنی دیموکراسیانەیان. PÇDK کە لەسەر رێبازی شارستانی دیموکراتی تێکۆشانی خۆی بەڕێوە دەبات، ئەوا بەگوێرەی پێویستی بەرپرسیارێتییەکی وەها مێژوویی دەجوڵێتەوە. بۆ ئەوەی پێداویستی بەرپرسیارێتی مێژوویی خۆی جێبەجێ بکات، ئەوا لە ئەنجامدانی فیداکاری مەزن خۆی ناداتە دواوە. سیاسەت و پێکهێنانەکانی خۆی کە قۆناخ بەرەو چارەسەری دیموکراتی پێشبخات، بهێنێتە رەوشێکی بەگوێرەی ئەو.

PÇDK، دەبینێ کە دوای ئەوەی رژێم هەڵوەشا، لەئێراقدا هەلومەرج لەبنەمادا گۆڕانکاریان بەسەرداهاتووە و دەرفەتی تێکۆشانی سیاسی بەهێز بوونە. دەگاتە بۆچوونێك کە لەو هەلومەرجە نوێیانەدا پێشخستنی دیموکراسی، ئازادی و مافەکانی مرۆڤ بە تێکۆشانی سیاسی مسۆگەر دەبێ. گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ئیدی لەبەڕێوەبردنی کاری سیاسیدا پێویستی بە تێکۆشانی چەکداری و هێزی چەکداری نەماوە. وەکو پێویستیەکی ئەویش بڕیاری داوە کە هەموو چالاکی هێزی سەربازی خۆی رابوەستێنێت و بیانگۆڕێ بۆ هێزێکی سیاسی. لەمەوبەدوا هیچ خەباتێکی چەکداری خۆی نەبێت، هەموو هەوڵدانەکانی خۆی لە گۆڕەپانی سیاسیدا نیشانبدات.

کاتێك PÇDK ئەم بڕیارە مێژووییەی داوە، بۆ پێکهێنانی چارەسەرییەکی دیموکراتی بە خێرایی و پتەو لەئێراق و باشووری کوردستاندا، ئەوا وەك ئەرکی خۆی دەبینێ. سەرەتا گەلی کورد، هەموو توێژەکانی گەل لەم راستە رێیەدا رێکبخات و بیانخاتە نێو جموجۆڵەوە. لەگەڵ ئەمریکا و هێزە دیموکراتەکان هەوڵدانێکی هاوبەش نیشان بدات. لە بەرامبەر هێزە پاشڤەڕۆکان تێبکۆشێ، بۆ هەر جۆرە هەوڵدانێکی دیموکراتیك بەها خەرج بکات.

لەسەر ئەم بنەمایە ئێمە بانگەوازی دەکەین کە گەلی کورد لەسەر رێبازی شارستانی دیموکراتی تێکۆشانی خۆی بەهێز بکات و هێزە دیموکراتەکانیش لەنێو پشتگیرییەکدا بن.

ئەنجوومەنی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان PÇDK